# ئیمپراتۆریە تی لم و، چە ند پرسیارێك

## تێڕوانینێك لـە سە ر کتێبە کە ی ، بە ڕێز د . ڕە فیق سابیر

بە ڕێکە وت چاوم بە م کتێبە ی بە ڕێز ڕە فیق سابیر کە وت.کە بە ڕاستی تا ڕادە یە کی باش جێگای خۆشحاڵیم بوو.دیارە زۆر لـە سە ر داگیرکە رانی کورد نووسراوە بە ڵام بە شێوە یە کی سۆسیۆلۆجی کە م شت لـە و بارە یە وە نووسراوە.هە روە ك بە ڕێزیشیان لـە پێشە کی کتێبە کە ی دائاماژە ی پێکردووە کە هیوادارە خە ڵکانی تر، زیاتر لـە و بابە تە لێکۆڵینە وە و کتێب بنووسن .

من حە ز م کرد وە کو خوێنە رێکی ئە م کێتبە ، چە ند سە رنجێك لـە سە ر ئە م کتێبە بنووسم ، هیوادارم کە برای بە ڕێزم ڕە فیق سابیر، لـە سە رنجە کانم بە هە ڵە تێنە گات و تووڕە نە بێت لێمان .

### لـە ڕووی ئە کادیمیە وە :

هە ر چە ندە بە ڕێزی تا ڕادە یە کی باش توانیویە تی هە ر وە ك خۆی دە ڵێت ئە کادیمیانە بۆ باسە کان براوانێت ،بە ڵام لـە زۆر جاردا زۆر نائە کادیمیانە شتە کان باس دە کات .

دە بوایە باسە کان هە مووی یە ك لـە دوای یە ك بێن و بە پێی گرنگی و مێژوویی باسە کانی ڕیز بکردایە بە ڵام وای نە کردووە . بۆ نموونە بە شە کانی کتێبە کە ، بە شێوە یە کی ناڕێك و پێك دانراوە .دە بوایە بە شی ئێرانی بخستایە دواوە و بە شی عێراقی لـە پێشە وە دابنایە . چونکە تۆ لـە پێشدا هاتوویت باسی ئیسلام و عە رە بت کردووە . کە چی بە شی دوای ئە و باسی ئێران دە کە یت . لـە زۆر باسە کانیشدا ئە م هە ڵە یە ت دووبارە کردۆتە وە لـە لاپە رە 10 دا باسی سە ردە می جاهیلیە تی عە رە دە کە یت،کە چی لـە پڕ دە مانهێنیتە وە سە ردە می فە رمانڕە وایی موحە مە د . یان لـە ل116 دا باسی شائیسماعیلی سە فە وی دە کە یت . لـە پڕان دە یبە یتە وە سە ر سە دە ی 11 کاتێك تورکە کان هێرشیان بۆ ئێران کردوە . پاشانیش یە کسە ر دە چیتە وە سە دە ی19 هە م و باسی قا جاریە کانما ن بۆ دە کە یت. بە هە مان شێوە ش کە مالیست و خە لافە تی عوسمانی تێکە ڵ دە کە یت .

زۆر جار لـە سە ر هە ندێك باس دە بوایە زیاتر بنووسیت بە ڵام نە ت نووسیوە.ئە مە ش دە گە ڕێتە وە بۆ کە می زانیاریت دە ربارە ی ئە و باسانە . هە ر وە ك خۆت لـە ل 9 دا نووسیوتە ( بە بێ باسکردنی ئیسلام ، لـە ڕۆژهە ڵاتی ناوە ڕاست ناگە یت ) .من پێم وایە تۆ شارە زایت کە مە دە ربارە ی ئیسلام.

دە نا ئە و هە ڵانە ت نە دە کرد .لـە ل 17 و 18 دا باسی عە رە ب دە کە یت کە چۆن بە چاوێکی سوکە وە سە یری کشتوکاڵ و سنعە تکاریان کردووە ، کە چی لـە ل16 دە ڵێیت عە رە بە کان لـە حیجاز و مە کە و مە دینە،خە ریکی کشتوکاڵ و بازرگانی بوون ! گە ر بە چاوێکی سوکە وە سە یری ئە و کارانە یان کردبێت چۆن خە ریکی ئە و کارانە دە بن ! پاش ئە وە ش عە رە ب لـە هیچ کاتێکدا شارێکیان نە بووە بە ناوی حیجازە وە !! بە ڵکە حیجاز وە ك وولاَت ناو براوە نە ك وە ك شار.لـە ل 20 دا دە ڵێیت ئە و ئایە تانە ی کە بە سورە تە مە کیە کان ناسراون ، پاش چە ند ساڵێکی کە م گۆڕان و سورە تە مە دینە یە کان جێگایان گرتوونە تە وە . موحە مە د زیاتر لـە 10 ساڵی پێچوو ئینجا چووە مە دینە وە ، وە بە چە ند ساڵێکی کە میش سوورە تە مە کیە کان،جێگای مە دینە یە کانیان نە گرتە وە. لـە ل 22 دە ڵێیت (بە شێك لـە مێژوونووسان هۆکاری ڕووداوی سە قیفە دە گە ڕێنە وە بۆ دوو ئایە ت وشە ڕە کە ش لـە وە وە دە ستی پێکردووە !).چە ندین نووسە رو مێژوو نووس باسی ئە م ڕووداوە یان کردووە،بە ڵام کە سیان باسی ئە مە یان بۆ نە کردووین .دە بوایە ناوی ئە و مێژوونوسانە ت دیاری بکردایە و لـە چ کتێبێکیش ئە م زانیاریە ت دە رهێناوە.چونکە ئە و شە ڕە زۆر کە س لـە سە ری نووسیوە و گرنگیە کی زۆریشی لـە مێژووی ئیسلامیدا هە یە.لـە ل 31 دا دە ڵێیت ابن خلدون ووتویە تی عە رە ب کورد وتورك ، درندە و وە حشین ) تۆ لێرە دا ڕازیت بە م قسە یە و . بە کاریشتهێناوە بۆ ئە وە ی بیسە لمێنیت کە عە رە ب دڕندە ن . کە چی لـە ل50 دا ڕە خنە لـە ابن خلدون دە گریت چونکە کوردی وە ك دڕندە سە یر کردووە .تۆ زۆرجار خۆشت کورد بە پریمیتیف ناو دە بە یت لـە ل50،51 . نابێت لـە لایە ك ڕازی بیت و لـە لایە کیش دژبیت .

بە ڕێزتان زۆر بە چاوێکی ڕێزە وە سە یری ئە ورووپا دە کە ن و ، بە پێچە وانە شە وە سە یری ڕۆژهە ڵات و ئاسیا دە کە یت . لـە ل41 دا دە ڵێیت پە لاماری خە ڵکی فکر لـە جیهانی ئیسلامیدا هە میشە زۆر بووە .

ئه مه هه ڵه یه چونکه ، هێنده ی له ئه وروپا خه ڵکی له سه ر فکری سزاو په لامارداوه ، نیوهێنده له رۆژهه ڵات په لامارنه دراون . پاش ئه وه ش په لاماردانی خه ڵکی فکر په یوه ندی به ئاینی مه سیحی و ئیسلامه وه نییه ، ئه وه په یوه ندی به ده سه ڵات و به رژه وه ندیه وه هه یه.چونکه هه تاوه کو ئه مڕۆژ له رۆژئاوا ئیرهابێکی فکری گه وره دژی کۆمۆنیسته کان و ئیسلامه کان ده کرێت .

له ل51و 52 دا که باسی بابانیه کان و بووچوونیان ده رباره ی رێگای نه خشبه ندی وقادری ده که یت و ده ڵێیت ( پشتگیری هیچ لایه کیان نه کردووه ) . ئه مه هه ڵه یه . چونکه شێخ عوسمانی گه وره له به ر بابانیه کان سلێمانی به جێهێشت و به ره و هه ورامان گه ڕایه وه .باشتربوو سه یری کتێبه کانی به ڕێز ماموستامه لاعه بدولکه ریمی موده ریست بکردایه،که له سه ر شێخه کانی نه خشه به ندی نووسیویه تی.

ده بوایه باسی ناسیۆنالیزمی کوردیت تێکه ڵ به وولاته کان نه کردایه ، هه ر چه نده تۆ خۆشت زۆر به کوردستانی داده نێیت ، که چی نازانم بۆچی باوه ڕت به کوردستانی بوونی باسه که ت نییه!.پاش ئه وه بۆچوونت بۆ بزاقی کوردی رۆژهه ڵات هه ڵه یه ، چونکه لای تۆ ئێمه واته باشور له وان پێشکه وتو ترین و ئه وان دوای ئێمه که وتون . ئه مه هه ڵه یه کی گه وره یه ، چونکه هه موو کات بزاقی کوردی باشور دوای کوردی رۆژهه ڵات که وتووه.بۆ نموونه پارتی هیوا ، به کاریگه ری کۆمه ڵه ی ژێکافه وه دروست بوو . هه روه هاپارتیش به گاریگه ری پارتی دیمکراته وه دروست بوو.ته نانه ت کۆمه ڵه ش هه ربه کاریگه ری کۆ مه ڵه ی ئێران دروست بوو . بگره هه ر چی چه پی لای خۆمان هه یه ،به ئاوی چه پی کوردستانی رۆژهه ڵات سوور بووه . له لایه ن باری رۆشنبیری و کولتووریشه وه ئه وان زۆر له ئێمه وه و باکووریش باشترن ، بڕوانه دواین ووتاری ( کریست کۆچێرا ) که چۆن باسی شاری سنه ده کات ده ڵێت ؛

( سنه مۆدێرن ترین شاری کوردیه ، و له سلێمانی و هه ولێر و دیاربه کریش مۆدێرن تره . <کورستاننێت ،کورده کانی ئێران له خه وراده په ڕن ، کریست کۆچێرا> ) .

## له ڕووی زمانه وانیه وه :

هه رچه نده به ڕێزتان یه کێکن له ماموستاو شاعیره گه وره کانی زمانی کوردی،به ڵام چه ند ووشه یه ك یان من به هه ڵه لێی تێگه یشتووم ، یان به ڕێزیان به هه ڵه به کاری هێناون .

یه كێك له و ووشانه كه تاكۆتایی به هه ڵه به كاری ده هێنێت ( گرنگ ) ه یه . به رێزی له جیاتی به م شێوه یه بینووسێت ، چووه به م شێوه یه ( گرینگ ) له ل 10، 22،18،15،،،،،،. ده ینووسێت .

له لایه كی تره وه چه ند ووشه یه كی بێگانه ی به هه ڵه یی كردونی به كوردی ، بۆ نموونه :

له جیاتی ئیفلیجی عه ره بی ، ( فه له ج ) ده نووسێت ل 119، 76،88

یان ته ئسیری عه ره بی ، كردووه به ( تائسیر ) ل119، 110

یان ریاكسیۆنی لاتینی، كردووه به ( رێئاكیسیۆن ) ل122 .

هه روه ها من له و باوه ڕه م كه له ووشه ی ئه نترۆپۆلۆجیا و سۆسیۆ كولتور ، باش تێناگه یت ، چونكه هه ردووكیان تێكه ڵ به یه كتری ده كه یت ل 11 .

جگه له زۆر هه ڵه ی تری زمانه وه وانی،كه ده بوایه به رێزیان پاش ئه و هه موو دیوانه شیعریانه ی !! ئه و هه ڵه گه ورانه ی له ڕووی زمانه وانیانه ی نه كردبایه .

جارێكی تریش ده ست خۆشی له به رێزیان ده كه م ، هیواداریشم كه له م چه ند دێڕه ی من به خراپی تێنه گات و سه رنجه كانم نه بنه مایه ی تووره بوونی .

ئه رده ڵان عه بدوڵڵا
ئه ڵمانیا

ardeelan@web.de